## هەرێمی کوردستان / عێراق

ئەنجومەنی دادوەری
سەرۆکایەتی دادگای تێهەڵچوونەوەی ناوچەی
سلێمانی
دادگای بەرایی [redacted]

Judicial Council

ژمارە: [redacted]
بەروار: [redacted]

دادگای بەرایی [redacted] لە سلێمانی لە بەرواری ٢٠١٨/٠٢/١٩ لە دادوەر بەرێز [redacted] کە ڕێگە پێدراوە بە دادوەریکردن بە ناوی گەلەوە پێکهات و ئەم بڕیارەی خوارەوەی دەرکرد:

**داواکـــار:** [redacted]

**داوالــەسـەرکراو:** [redacted]

**بڕیارەکە:-**

داواکار لەڕێگەی بریکارەکەیەوە ئەڵێت داوالەسەرکراو هەڵساوە بەکڕینی یەکەیەکی نیشتەجێبوون لەکۆمپانیای بریگرتەی لەخانووەکانی پڕۆژەی نیشتەجێی [redacted] لەشاری ڕانیە بەبڕی( ٤٠،٦٤١،٠٠٠ )چل ملیۆن و شەش سەدوو چل و یەك هەزار دینار بەپێی گرێبەستی ڕێکخراو لەنێوان کۆمپانیای بریگرتەی و داوالەسەرکراو واژۆکراو لەبەرواری/٢٠٠٨/٥/٧ بەڵام داوالەسەرکراو پابەند نەبووە بەبڕگەکانی ئەو گرێبەستە وە هەڵنەساوە بەپێدانی قستەکانی ئەو خانووە هەرچەند ئاگادارکراوە لەڕێگەی دادنووسی ڕانیە بەپێی هۆشداری ژمارە( ٢٧٨ )لەبەرواری/٢٠١٤/٩/١٥ بۆیە داواکارە بانگهێشتی دادبینی بکرێت و وەبڕیاربدرێت بەهەڵوەشاندنەوەی گرێبەستی نێوان بریگرتەی و داوالەسەرکراو تایبەت بەفرۆشتنی یەکەیەکی نیشتەجێبوون لەخانووەکانی پڕۆژەی نیشتەجێی( [redacted] وەخستنە ئەستۆی سەرجەم تێچووی داواکە لەگەڵ کرێی هیلاکی پارێزەرێتی وەلەسەرداوا دەستکرا بەدادبینی ئامادەی و نائامادەی و ئاشکرا،بریکاری داواکار تیانووسی داواکەی دووبارەکرادەوەو داوای بڕیاریکرد،دواتر سەیری نووسراوی ژمارە( ١٦٦٤ )لەبەرواری/٢٠١٧/٣/٢٠ کرا کەدەرچووە لەبەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیاکانی سلێمانی وەتیایدا هاتووە کەکۆمپانیای داواکار تۆمارە،هەوەها سەیری دۆسیەی داوای ژمارە( ٣٧٠٦ /ب/٢٠١٤ )کرا دەرکەوت پێکهاتووە لەنێوان هەردوولایەنی ئەم داوایە وەبەهەمان شێواز وەلەسەر هەمان بابەتی ئەم داوایە وەسەرەنجامی دادبینی لەبەرواری/٢٠١٧/٢/٢٦ بڕیاردراوە بەپووچەڵکردنەوەی داواکە بەهۆی ئامادەنەبوونی بریکاری داواکاروەلەهاوپێچەکانی دۆسیەی ئەو داوا پووچەڵکراوەیە بریتیە لەگرێبەستی ڕێکخراو لەبەرواری/٢٠٠٨/٥/٧ کەڕێکخراوە لەنێوان لایەنی یەکەم/فرۆشیار/ بریتیە لەکۆمپانیای داواکارسەرەڕای کارەکەی وەلایەنی دووەم/کڕیار/بریتیە لەداوالەسەرکراو وەبەپێی بڕگەکانی ئەو گرێبەستە کۆمپانیای داواکار هەڵساوە بەفرۆشتنی خانووی [redacted] بەبڕی( ٤٠،٦٤١،٠٠٠ )چل ملیۆن و شەش سەدوو

[redacted]

## هەرێمی کوردستان / عێراق

[redacted]

ئەنجومەنی دادوەری
سەرۆکایەتی دادگای تێهەڵچوونەوەی ناوچەی
سلێمانی
[redacted]
دادگای بەرایی

Judicial Council

چل و یەك هەزار دینار وەبەقست وەبەو شێوەیەی کەلەگرێبەستەکەدا هاتووە وەگرێبەستەکە پێکهاتووە لە( ٥ )پێنج لاپەرە وەلەسەرناوی هەردوولا واژۆکراوە سەرەڕای پەنجەمۆری داوالەسەرکراو،هەروەها سەیری نووسراوی ژمارە( ١٠٨١ )لەبەرواری/٢٠١٧/٤/٣ کرا کەدەرچووە لەبەڕێوەبەرایەتی گشتی وەبەرهێنانی سلێمانی وەتیایدا ڕونکراوەتەوە کەپرۆژەی بابەتی داوا پرۆژەیەکی وەبەرهێنانە وەبەرهێنەکەی بریتیە لەکۆمپانیای داواکار،هەروەها سەیری دۆسیەی هۆشداریی بەژمارەی گشتی ( ١٤٧٩٥ )تۆماری/٢٧٨ لەبەرواری/٢٠١٤/٩/١٥ دەچووە لەدادنووسی ڕانیە وەپێکهاتووە لە هۆشدار بریتیە لەداواکار وەئاگادارکراو بریتیە لەداوالەسەرکراو وەبابەتی هۆشداریەکە هەمان بابەتی داوای بەردەستە وە داواکار لەو هۆشداریەدا ئاگاداری داوالەسەرکراوی کردووە بۆ پابەندبوون بەبرگەکانی گرێبەستی کڕینی خانووی [redacted] وەپێدانی قیستەکانی ئەو خانووە لەماوە( ٧ )حەوت ڕۆژدا وەداوالەسەرکراو لەرێگەی دادنووسی ڕانیە ئاگادارکراوە لەبەرواری/٢٠١٤/٩/١٧ [redacted] دواتر بریکاری داواکار ڕوونیکردەوە کەخانووی بابەتی داوا دروستکراوە لەسەر بەشێك لەزەوی )کەرتی/٢٢ی سرکپکان وەبریگرتەی بەپێی برگەکانی گرێبەستی ڕێکخراو وەبەپێی نەخشەی ئامادەکراو وەلەماوەی دیاریکراودا هەڵساوە بەدروستکردنی خانووی بابەتی لەساڵی/٢٠١٢ وەلەهەمان ساڵدا واتە لەساڵی/٢٠١٢ بریگرتەی خانووەکەی ڕادەستی داوالەسەرکراو کردووە وەلەو کاتەوە داوالەسەرکراو نیشتەجێی خانووەکەیە وەبەکاری ئەهێنێ وە داوالەسەرکراو بری( ١٧،٦٣٥،٥٠٠ ) حەڤدە ملیۆن و شەش سەدوو سی و پێنج هەزارو پێنج سەد دیناری لەئەستۆداماوە وەئامادەنیە بەپێدانی ئەو بڕەپارەیە هەرچەند ئاگادارکراوە بەشێوەی یاسای بەڵام سەرپێچی ئەکات لەپێدانی ئەو بڕەپارەیە ، هەروەها سەیری ووێنەی تۆماری موڵکی ژمارە [redacted] دەرکەوت ڕەگەزی خانووە وەتۆمارە بەناوی کۆمپانیای داواکار وەك موڵکی پوخت و سەربەخۆ،دواتر بریکاری داواکار ڕاسپێردرا بەسەلماندنی ئەو واژۆیەی کراوە لەسەرناوی داوالەسەرکراو لەگرێبەستی پێشکەشکراو تایبەت کڕین و فرۆشتنی خانووی بابەتی داوا وەگەڕاندنەوەی بۆ خودی داوالەسەرکرا،لەوەڵامدا داوایکرد کاری بەراووردکردن و لێکچواندن ئەنجامبدرێت لەنێوان واژۆی داوالەسەرکراو لەگرێبەستی پێشکەشکراو لەگەڵ هەردوو واژۆی داوالەسەرکراو چەسپاو لەسەر پسووڵە ئاگادارکردنەوەی داوالەسەرکراو لەداوای بەردەست هەروەها واژۆی داوالەسەرکراو چەسپاو لەپسووڵەی ئاگادارکردنەوەی هۆشداری ژمارە( ٢٧٨-١٤٧٩٥ )لەبەرواری/٢٠١٤/٩/١٥ کەدەرچووە لەدادنووسی ڕانیە وەبڕیاردرا بەجێبەجێکردنی داواکاریەکەی وەئەنجامدانی کاری بەراوورد کردن هەروەها بڕیاردرا بەپەنا بردن بۆ شارەزایەکی دادی پسپۆڕ لەبواری بەراووردکردنی واژۆ وەلەبەرئەوەی دادبینی نائامادەی بوو بەرامبەر داوالەسەرکراو بۆیە دادگا خۆی هەڵسا بەهەڵبژاردنی شارەزای دادی تۆمارکراو لەلیستی شارەزایانی دادی( [redacted] لەدادبینی ڕۆژی/٢٠١٧/٨/٢٢ شارەزای ناوبراو ئامادەبوو وەدوای تێگەیاندنی بەکارەکەی ئامادەی نیشاندا بۆ پێشکەشکردنی شارەزای خۆی دواتر هەڵسا بەپێشکەشکردنی ڕاپۆرتی شارەزای

[redacted]

لەبەرواری/٢٠١٧/٨/٢٨ وەتیایدا ڕونیکردووەتەوە کەئەو واژۆیەی کراوە لەسەرناوی داوالەسەرکراو لەگرێبەستی پێشکەشکراو هاوجووتە لەگەڵ هەردوو پێوەرەکە بەواتا واژۆی داوالەسەرکراوە، دواتر بڕیاردرا بەپەنابردن بۆ شارەزایەکی دادی پسپۆڕ لەبواری بیناسازی بۆ وەرگرتنی زانیاری پێویست کەئایا کۆمپانیای داواکار هەڵساوە بەدروستکردنی خانووی بابەتی داوا بەپێی بڕگەکانی گرێبەستی ڕێخراو وەبەپێی نەخشەو دەرخستەی ئامادەکراو وەئایا ئەو خانووە شایستەی وەرگرتنە وەلەبەرئەوەی دادبینی نائامادەی بوو بەرامبەر داوالەسەرکراو بۆیە دادگا خۆی هەڵسا بەهەڵبژاردنی شارەزای دادی تۆمارکراو لەلیستی شارەزایانی دادی ئەندازیاری شارستانی

وەلەبەرئەوەی خانووی بابەتی داوا لەسنووری دادگای بەرای ڕانیەدابوو بۆیە بڕیاردرا بە( انابە )کردنی ئەو دادگایە دواتر دادگای بەرای ڕانیە هەڵسا بەئەنجامدانی کەشف بۆ خانووی بابەتی داوا کەدروستکراوە لەسەر بەشێك لە موڵکی ژمارە( ٤/١٠٨٠ )کەرتی/٢٢ی سرکپکان بەڕێنوێنی ڕووپێوکاری تێبینەرایەتی تۆمارکردنی خانووبەرەی ڕانیە وەبەیاوەری شارەزای دادی ناوبراوی سەرەوە بەپێی کۆنووسی کەشف لەبەرواری/٢٠١٧/١١/٦ دواتر شارەزای دادی هەڵسا بەپێشکەشکردنی ڕاپۆرتی شارەزای خۆی لەبەرواری/٢٠١٧/١١/١٢ وەتیایدا ڕونیکردووەتەوەکەکۆمپانیای داواکار هەڵساوە بەدروستکردنی خانووی بابەتی داوا بەپێی نەخشەو دەرخستەی ئامادەکرا وەبەپێی بڕگەکانی گرێبەستی ڕێکخراوە وە خانووەکە دروستکراوە وەجێبەجێکراوە بەڕێژەی( ١٠٠% )وەشایستەی وەرگرتنە،لەمیانەی ووتەی بریکاری داواکارو وەئەو بەڵگەنامانەی پێشکەشکرابوون دەرکەوت کە کۆمپانیای داواکار هەڵساوە بەجێبەجێکردنی پرۆژەی نیشتەجێی ڕۆژ سیتی لەشاری ڕانیە کەپرۆژەیەکی وەبەرهێنانە وەمۆڵەتی فەرمی پێدراوە لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی گشتی وەبەرهێنانی سلێمانی وە داوالەسەرکراو خانووی ژمارە( ٣٣٧ )ی لەپرۆژەی ناوبراو کڕیووە لەکۆمپانیای داواکار بەبڕی( ٤٠،٦٤١،٠٠٠ )چل ملیۆن و شەش سەدوو چل و یەك هەزار دینار بەپێی گرێبەستی ڕێکخراو لەبەواری/٢٠٠٨/٥/٧ وە کۆمپانیای داواکار هەڵساوە بەدرووستکردنی خانووەکە بەپێی بڕگەکانی گرێبەستی ڕێکخراوە وەبەپێی نەخشەو دەرخستەی ئامادەکراو وە خانووەکە تەواو بووە بەڕێژەی( ١٠٠% )وەرادەستی داوالەسەرکراو کراوە وەشایستەی وەرگرتنە وەهیچ ناتەواوویەکی تیادانیە ئەوەش بەپێی ڕاپۆرتی شارەزای دادی،وە دادگا بۆی هەیە ڕاپۆرتی شارەزای دادی بکاتە هۆیەك بۆدەرکردنی بڕیارەکەی،بەپێی مادەی/١٤٠ لەیاسای سەلماندن، وە دەرکەوت کەداوالەسەرکراو ئەو خانووەی وەرگرتووەو نیشتەجێیەتی وەبەشێك لەقستەکانی نەداوە بەبڕی( ١٧،٦٣٥،٥٠٠ ) حەڤدە ملیۆن و شەش سەدوو سی و پێنج هەزارو پێنج سەد دینار هەرچەندە ئاگادارکراوە لەڕێگەی دادنووسی ڕانیە،وەسەبارەت بەو گرێبەستانەی هەردوولایەنەکان پابەند ئەکرێن ئەگەر یەکێك لەلایەنەکان ئەو ئەرکەی ئەنجام نەدا کەبەپێی گرێبەستەکە لەسەری پێویستکراوە ئەوا لایەنەکەی تر بۆی هەیە دوای ئاگادارکردنەوەی داوای هەڵوەشاندنەوەی بکات لەگەڵ قەرەبووکردنەوەی ئەگەر

## هەرێمی کوردستان / عێراق

ئەنجومەنی دادوەری
سەرۆکایەتی دادگای تێهەڵچوونەوەی ناوچەی
سلێمانی
دادگای بەرایی

Judicial Council

پێویست بێت،بەپێی مادەی/١/١٧٧ لەیاسای شارستانی، کەواتە داوای داواکار پاڵپشتی یاسای هەیە بۆیە دادگا بڕیاریدا بە/یەکەم/ هەڵوەشاندنەوەی گرێبەستی ڕێکخراو لەبەرواری/٢٠٠٨/٥/٧ لەنێوان هەردوولایەنی ئەم داوایە تایبەت بەفرۆشتنی خانووی ژمارە( ٣٣٧ ) لەپرۆژەی نیشتەجێی ڕۆژ سیتی لەشاری ڕانیە/دووەم/پووچەڵکردنەوەی داواکە سەبارەت بەداواکاری سزای دواکەوتن لەبەرچاوپۆشی کردنی بریکاری داواکار ،وەخستنە ئەستۆی داوالەسەرکراو گشت خەرجیەکانی داواکە لەگەڵ کرێی هیلاکی پارێزەرێتی بریکارانی داواکار

بەبڕی( ٧٥٠،٠٠٠ )حەوت سەدوو پەنجا هەزار دینار وەدابەشکردنی لەنێوانیاندا بەیەکسانی وەبڕیارەکە ئامادەییە بەرامبەر داواکار شیاوی تێهەڵچوونەوەو پێداچوونەوەیە وەنائامادەییە بەرامبەر داوالەسەرکراو شیاوی ڕەخنەگرتن و تێهەڵچوونەوەو پێداچوونەوەیە وە دەرکرا بەپێی مادەی( ١/١٧٧ )لەیاسای شارستانی،وەمادەی( ١٤٠ )لەیاسای سەلماندن،وەمادەی( ٣٥ )لەیاسای پارێزەرێتی وە مادەکانی/١٥٤و١٦١و١٦٦و١٧٧و٢٠٣ لەیاسای دادبینی شارستانی وەبەئاشکرا ڕاگەیەنرا لەبەرواری/٢٠١٨/٢/١٩